# شارێك !..

ئەرسەلان مەحمود

Arsalan@yahoo.com



شارێك لەپایز .. و

پایزێك

لەئەشكی چاو ..

چاوێك لەنەگۆڕ .. و

نەگۆڕانێك

لەخەمساردی !..

( قەڵا ) یێك

ناڵەیدێ لەبێنازی .. و

( دووزێ ) یێك

وشكبۆتەوە

لە بێكەسی !..

لەقوڵایی

ئەو هەموو برینەدا ..

لەگێژەنی

ئەو هەموو ئازارەدا ..

برۆ .. ببینە

پرخەیدێ لە بێدەنگی !..

پشتی

كردۆتە دیرۆكی .. و

دەستی

بەرداوەتە دڵی هەلا هەلای !..

ئەو دەزانێ

ئێمە هەین .. و

ئێمە نازانین ئەو

هەیە !..